# ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە

لە ئەبی عبد الرحمن عبد الله ی کوڕی عومەڕی کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه واله وسلم- کە دەیفەرموو: «ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە: شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد عبده ورسوله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە)، و ئەنجامدانی نوێژەکان، و زەکاتدان، و حەجکردن بۆ ماڵی خودا، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئیسلامی چوواند بە بینایەکی پتەو کە لەسەر پێنج پایە دامەزراوە وئەم بینایە لەسەر ئەم پایانە وەستاوە، وتایبەتمەندیەکانی تر لە ئیسلامدا بۆ کامڵتر وچاکترکردنی بیناکەیە، یەکەم پایە: شایەتمان : شاهێدای دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، ئەم دوو شاهێدی دانە یەك پایەن، و لەیەك جیا نابنەوە، بەندە دەیڵێت ودان دەنێت بە وەحدانیەتی -تاکێتی- الله وبەوەی تەنها ئەو شایستەی پەرستنە بێ هیچ هاوبەشێك، وکردەوە بەئاماژەکانیان دەکات، وباوەڕی بە پەیامی موحەمەد هەیە -صلی الله علیه وسلم- وشوێنی دەکەوێت. پایەی دووەم: نوێژ ئەنجامدان: ئەمیش بریتیە لە پێنج نوێژە فەرزەکە لە شەو وڕۆژدا؛ بەیانی ونیوەڕۆ وعەسر ومەغریب وعیشا، لەگەڵ جێبەجێکردنی مەرج وپایە و واجبەکانیان. پایەی سێیەم: زەکاتدان: ئەمیش پەرستنێکە بە پارە وسامان ئەنجامدەدرێت، و واجبە لەسەر هەموو پارە وسامانێك کە گەیشتبێتە بڕێکی دیاریکراو لە شەریعەتدا، ودەدرێت بە ئەوانەی شایستەن زەکاتیان پێبدرێت. پایەی چوارەم: حەج کردن: بریتیە لە ڕۆیشتن بۆ مەککە بۆ جێبەجێکردنی هەندێك دروشم ومەراسیمی دیاریکراو ؛ کە بۆ پەرستن و بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە ئەنجامدەدرێت -عز وجل-. پایەی پێنجەم: ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان: بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە وئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن بەنیەتی بەندایەتی کردن بۆ الله، لەکاتی دەرچوونی بەرەبەیان هەتاوەکو ئاوابوونی خۆر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66512